نووسینی د . زاهیر سوران

11 ی ئەیلولی 2004 .

# زیپکە

# Acne

بریتییە لە سووربونەوەی شوێنی هاتنەدەرەوەی موو لە بنکەی موودا یان لە بنکە ی گلاندەچەورەکانی ژێر پێستدا دەردەکەوێت . زیپکە چەندین شێوە و , رەنگ و جۆری گەورە و گچکەی هەیە , زۆرجاران پاش چاکبونەوەی شوێنەوار بە جێدەهێڵێت .

## هۆزانی

– بۆماوە ( لە دایکوباوکەوە)
– بەکتریا .
– زێدبوونی بنکەی گلاندە چەوریەکان .

## هۆکاری خراپبوون

– دەرمان , بە تایبەتی کۆرتیزۆن , ستێرۆیدەکان ,هۆرمۆنی نێر
– مادەی کیمیکی
– مادەی ئارایش و خۆجوانکردن .
– کاری هۆرمۆن :زۆرجاران پێش بێنوێژی زیکە زۆر خرای دەبێت .

## دەستنیشانکردن

– زێدەتر لە لاواندا دەردەکەوێت .
– زێدەتر لە پێستی چەوردا دەردێت .
– گۆرانکاری پێست (رووخسار , پشت, مل , دەفەی شان و سنگ).
– جاری واهەیە زیپکە سۆ دەکات .

## چارەسەرکردن

– پێویستە نەخۆش بزانێت کە چارەسەرکردن تا چاکبوونەوە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت .
– زۆر گرنگە پاش چاکبوونەوە بەردەوام چارەسەری شوێنەکە بکرێت.
– پێویستە رۆژانە بە ئاو وسابوونی مامناوەندی رووخسار بشۆردرێت .

## دەرمان

– ئەو زیپکانەی تووشی سووربونەوە نەبوون پێویستە نەخۆش بۆماوەی 3 هەفتە ئێواران دەرمانی adapalen ی بدرێتێ
– ئەو زیپکانەی سووربونەوەکەیان مامناوەندییە ئەوا پێویستە نەخۆش بەیانیان bensylperoxigel یان klindamycin ی بدرێتێ.
– ئەو زیپکانەی تووشی سووربونەوەی خراپ دەبن پێویسە بەیانیان bensylperoxidgel و ئێواران adapalengel ی بدرێتێ.
– زۆرجاران دەرمانی ێتراسایکلین 300ملگم رۆژانە 2 جاران .
– هەندێکجار زیپکە گەورەیەو شێوەی دومەڵ وەردەگرێت ئەوسا پاش گەیینی زیپکە پێویستە دەربکرێت .
– لە سوید لە دەرمانخانەکاندا دەرمانی دژە زیپکە ACO هەیە و بێ رەچەتە دەفرۆشرێت .
– لە بارە ئاڵۆزەکاندا دەرمانی Klyndamycin و Tetracyclin بە سوودە .

,



(وێنەی زیپکە– Acne)

( بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکاربهێنێت)

**سەرچاوەکان**

1– د . زاهیر سوران , نەخۆشییە درمەکان , سۆ بەکتریاییەکان , بەشی سێیەم , چاپی یەکەم , سلێمانی– کوردستان , 2004 .

1. Dr. Ylva Ohlsson, Akne, ungdomsfinner, Göteborg.  www.fass.se.